## چەپ لە رۆژهەڵاتی کوردستان

ئەوە ناوی کتێبێکە رێزدار ئەیوب ئەیوب زادە نووسیویەتی و بەرگی یەکەمی بەناوی "کۆمەڵە و دۆزی ناسیۆنالی کورد" لە ساڵی 2002 دا بڵاو کردۆتەوە.

کتیبەکە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی چەپی ئێران بەگشتی و "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کورد" بەرانبەر بە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێرانە. کتێبەکە گەلێک بە ناوەڕۆک و پشت ئەستوور بە بەڵگەیە ـ کە زۆربەیان لە چاپەمەنی و راگەیاندنی کۆمەڵە وەرگیراون.

نووسینی مێژووی سیاسی کوردستان و بەتایبەت رۆژهەڵاتی کوردستان بە بێ ئەو چەشنە شیکردنەوە و رەخنە گرتنانە گونجاو نابێت و حەقیقەت بەبێ حزووری ئەو بۆچوونە دژکارانە دەرناکەوێت.
کتێبەکە، هەڵویست و سیاسەت و بەرنامەی کۆمەڵەی لە سەرەتاوە تا دوای کۆنگرەی سێهەم و زاڵبوونی سەهەندییەکان بەسەر سیاسەتی گشتی کۆمەڵە دا، خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە و شیکاری.

من لێرەدا بەبێ هەڵوێست گرتن، ئەو بەشانەی کتێبەکە رادەگەێینم کە پەیوەندیان بە بۆکان و خەڵکی بۆکانەوە هەیە:
لاپەڕە 21: هەڵسوڕێنەرانی "تەشکیلات" [سەرەتاکانی دامەزرانی کۆمەڵە]: 4. عەبدوڵڵا موهتەدی؛
لاپەڕە 23 : دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە: 3. عەبدوڵڵا موهتەدی، 8. حوسێن مورادبێگی ناسراو بە حەمە سوور، 9. عومەر ئێلخانی زادە؛
لاپەڕە 143 تا 145 : رووداوی کوژرانی ئەندامانی "پەیکار" لە بنکەکەیان (بە دەستی حزبی دیموکرات) لە بۆکان، یەک لەوان تاهیر ئیبراهمییان؛
لاپەڕە 152 : وت و وێژ و نێو بژیکەریی عومەرئاغا، کاک سەعد و محەمەدی موهتەدی لە نێوان کۆمەڵە و سپای رزگاری؛
لاپەڕە 168 : بەڕێوەچوونی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە لە خانەقای زەمبیل؛
لاپەڕە 320 : ئاماژە بە کوشتنی مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی لە لایەن کۆمەڵەوە؛
هەروەها لەم لاپەڕانەدا باسی کەسایەتی بۆکانی کراون: 13، 174، 208، 308 تا 310، 318، 320، 332، 339، 350، 351، 360.

ئەیوب ئەیوب زادە، *"چەپ لە رۆژهەڵاتی کوردستان – کۆمەڵە و دۆزی ناسیۆنالی کورد"*، بەرگی یەکەم، ناشر: دانەر، 2002، 398 لاپەڕە، کوردی.